پرسی ئەنفالی گەلی کورد بە جینۆساید ناسێنرا

بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان رایگەیاند، لە دوای دەنگدانی زانایانی نەودەوەتی پرسی ئەنفالی گەلی کورد بە جینۆساید ناسێنرا.

ئەمە پێنجشەممە، بەرێزان حەمدی بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان رایگەیاند، شاڵاوی ئەنفالی گەلی کورد لەلایەن رێکخراوی یەکێتی زانایانی نەودەوەتی بە جینۆساید ناسێنرا.

ئاماژەی بەوەش کرد، لە ماوەی یەک مانگدا دەنگدانی زانایانی نەودەوەتی رێژەی یاسایی تەواو بوو، سەرئەنجام شاڵاوی ئەنفالی گەلی کورد بە جینۆساید ناسێنرا.

جینۆسایدی ئەنفالی گەلی کورد لە ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی پێشوی عێراق دەستیپێکرد و لە ٦ی ئەیلوول کۆتایی هات، کە تێیدا زیاتر لە ١٨٢ هەزار هاوڵاتی ئەنفال و بەسەروشوێن کران و زیاتر لە پێنج هەزار گوندی کوردستان روخێندران.